# عیشقێکی حەرام

من یەکەمین چیرۆکی دۆڕانی عیشقم
رۆژێك حەرامترین ماچ دەمکوژێ ..
ئەمە دوایین دێڕی ئەو نامەیەیە
کە بەر لە خۆکوشتنم دەینووسم
هەموو شەوێ
دەیان نامە دەدڕێنم کاتێ شێتیم دەمگەیەنێتە ژێری
شەو نیە لەگەڵ خەیاڵە سۆزانیەکاندا
بەرەو کەنارەکانی نائومێدی نەڕۆم
هەموو رۆژێك دەیان ماچ
شاباشی پێنووسەکەم دەکەم بە خەیاڵی کچێك
رۆژ نیە نەفرەت لە عیشقی درۆ نەکەم
کەچی خۆشم درۆزنانە عاشقم
هەموو رۆژێك دەچمە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەم
تا راوی تاڵە تیشکە سۆزانیەکان بکەم
بۆ شەوە بەدمەستەکانم
دەمێك خەندەم دەخەمە گریانو
دەمێك گریانم دەکەمە گاڵتەجاڕ
لە درۆدا کاڵ .. کاڵ بوومەتەوەو
رەنگی هەموو شتێکم تیایە .. هەموو شتێك درۆیە .. درۆ
گوڵ درۆ نەبێت .. بۆ پایزان رەدوو دەکەوێ
دڵ درۆ نەبێت .. بۆ هەر رۆژەو کەسێکی دەوێ
عیشق درۆ نەبێت .. بۆ دەمرێ بەر لەوەی سەرکەوێ
من درۆ نەبم ..
بۆچی دەبێت هەر لە باوکم بچم
شنەبایەك ویستی بە من خۆی بخنکێنێ
خەیاڵی بوو ببمە جەللادی ئەو
بیکوژم .. بیکوژم تا زیندوو ببێتەوە
کەنارێك شەپۆلی دەدا بۆ کەنارم
تا چیدی حیکایەتەکانی خنکان نەبینێت
دەریایەك ئامێزی گرتمو دەپاڕایەوە
تا چیدی سنگی لەت لەت نەکرێت بە سەوڵە شەهوانیەکان

دەریا منی وەك فیرعەون دەبینی
منی لاببوو بە ئاهوراو
نزای لەبەردەم تەکیەکەمدا دەکرد
من ئەو دەم
دەمم نەبردبوو بۆ بادە نەفرەتیەکانی عیشق
دەستم نەبردبوو بۆ سێوە حەڵاڵەکانی ئەو
سینەم نەدابوو بۆ نووستنێکی رۆمانسی ئەو
ئەو هەموو من بوو
من هیچی ئەو
دارستان هەناسەی تەنگ بوو
کاتێك تەمی نیگاکانی بینیم
باخچە بێ گوڵ مایەوە
کاتێ خەزانی ووشەکانی بینیم
ئاسمان هەموو ئەستێرەکانی رەدوو کەوتن
ئەو دەمەی کاکێشانی خەمەکانی بینیم
رێگە چۆڵەکان هەر باسی نەهامەتی سەفەریان دەگێڕایەوەو
نەهامەتیەکانی سەفەر لە مرۆڤەکان بێزاربوون
من لە چاکەتەکەم بێزارو
چاکەتەکەم لە باران
بارانیش لە ئێمەو
لە دەنووکی ئەو پاسارییەی
خۆی لە قورِە لیتەی سەر رێگەکان دەنا
پاساریش لە بەردەلاستیکی مناڵە چەتونەکانی گەڕەك ..
جیهان لە گۆرانیەکی ناخۆش دەچوو
کەس لە ئێمە حەوسەڵەی گوێگرتنمان نەمابوو لێی
ئێمە بۆ گوڵە زەنبەقییەکان دەگەڕاین
شمشێرە حەرامەکانیان لە ملمان دەنا
ئێمە بۆ تەمەن درێژی پەپولەکان دەگەڕاین
کێسەڵەکانیشیان تەمەن کورت دەکرد
درەختیان دەدا لە سێدارەو
سێدارەیان مەزن دەکرد
مەزن بە خنکانی کچەکانی عیشقو
کوڕەکانی درۆ

مەزن بە جوانی خوداو
نەفرینی ئەهریمەنەکانی ئێرە
مەزن بە مەرگی ناوادەی منو
نەمریی تۆ ئەی کچ ..
تۆ کە حەرامترین عیشق دڵی کردووی بە هێلانە
من زاهیدترین کوڕی هەرێمی نەفامیم
من لە دوو توێی ماچێکدا هەناسەم دەتاسێو
گیان دەسپێرم
تۆ کە بە نیگاکانت دیلم دەکەیت
من کۆتکراوی پرچی پەرێشانتم ئەی تۆ
ئەی مەملەکەتێك لەسۆزو دڵڕەقی
ئەی نەسیمێك بارگاوی بە بەرامەی عیشقو موحیبەت
تۆ کە بە دوو تاڵی پرچەکەت
نیازتە بمخنکێنیو بمخنێکیو بمرم .. بمرم
من کوژراوی نیگایەکتم بەسمە مردن لێمگەڕێ
من بە حەرامی بیر دەکەمەوە
تا دوور بم لە عیشقێکی حەرام وەك عیشقی تۆ
بە حەرامی دەمرم
تا دوور بم لە ژیانێکی حەرام وەك ژیانی تۆ
دەمریو دەمدەیتە دەست مەرگێکی وەنەوشەیی
دمکوژیو دەمدەیتە دەست ژیانێکی پەرپوتی
وەك ئەم ژیانەی ئەمڕۆ .. دوێنێ .. سبەی ..
مانگ گوڵی دەدا لە یەخەی
تا شاعیرێکی شێت ..
تەنها دێڕێکی بۆ بڵێت ..
خۆر ماچی دەبەشیەوە سەر زەوی ..
تا تۆش بەر یەك دوو ماچێکی بکەوی ..
گوێم لە دەنگی تفەنگێك بوو
حەیرانی شەرمەزاری گێڕایەوە
رووڕەش بوو بۆ زەمانێ کە تیایدا
گوللەیەکی نا بە سنگی پاڵەوانەکەیەوە
حیکایەتی مردنی شەهامەتی سروودی:
(چەك قەڵەم دوانەی خەباتی هاوژینم)ی دەنوسیەوە

دەیوست بە منیش بڵێت: خائینی جەنگ

دەیوت:

نەفرەت لە تۆی ترساوی قرمەژنی گوللەکانی شەڕ

ترساوی دەنگی کەڕەناکانی جەنگی جاهیلی ..

من لە گاڵتەی مردن دەترسام

دەترسام لەوەی

بە مردنیش وەکو پێکی سەر مێزەکان

بڵێن: بە خۆشی تۆوە ئەی نیشتمان

بە خۆشی تۆوە ئەی شەهید ..

خۆشیەکان زۆربوون‌و

ئێمەش پێکمان هەڵدەدا بە خۆشی خۆشیەکانەوە

پێدەکەنین‌و قاقامان لێدەدا

بە دۆڕانی براکانمان .. بە پەلکی رووتی کچێکی پۆشتەو

بە سنگی رووتی نیشتمانی ئیغتیسابکراو

پێدەکەنین بە خۆمان بە پێکە پڕ لە خوێنەکانمان

من دەستم دەبرد بۆ سێوەکانی شیعرو

تۆ دەمت دەهێنا بۆ ماچەکانی ئەهریمەن

من دەمم دەبرد بۆ هەڵمژینی هەناسەیەکی پڕ سنگ‌و

تۆ بەرامەی خۆت دەپرژاند بەسەرما

من دەمردم بە بۆنی تۆو بۆ بۆنی تۆ

تۆ بە بۆنی من دەژیایتەوەو بۆ بۆنی من دەژیت

چ سەراسیمەیەکە من بمرم‌و

تۆش حەیرانی عیشقمان پیرۆز بکەیت

من پێبکەنم‌و تۆش

روومەت برنی بۆ لەبار چوونی عیشقێکی حەرام ..

تۆ نازانی من کوڕی شۆستەو شەقامم

کوڕی بێژووی رەشەبام‌و بە تەنافی کوچەیەکەوە جێماوم

چیدی دەمی سوژدە نەما بۆ عیشق

دەمی تەقوا نەما بۆ گەیشتن بە خەون

دەمی زەردەخەنە نەما

بۆ لەیەك دانی بادەکانی گەمژەیی

من فڕی ناکەم‌و تۆش بمکوژە

من دەمەوێ ژیربم بە شێتیمەوەو

تۆش گەمژەبە بە عاقڵیتەوە ..
من سەودای ئەم کاڵا بێنرخەی ژیانم بۆ چیە
کە خۆم هێشتا وام بە گوڵەنگی تەسبیحی
سوڵتانە جامبازەکانەوە ..
لێگەڕێ با پێکیکی هۆشیاری فرِم کەم
ژیان دەمی جوان بوونەوەم بۆ ناهێنی
تۆ بخەوە لەگەڵ روئیا حەرامەکانتو
منیش ببە بۆ خۆت بە حەرامی
منیش دەخەوم لەگەڵ پێنووسەکەمو دوو پەڕەو
مارەت دەکەم لە خەیاڵی شیعرێك
کە ماڵی عیشقە حەرامەکان نابەڵەد بیٚو
بمباتەوە بۆ زەمەنی تەهارەتو منداڵی
ئەی تۆ .. ئەی غەریب بە هەموو ووشەکانی من
ئەی پەیامبەری عیشقێکی حەرام .. حەرام .. حەرام

عومەر سەیدە
2005/2/15